لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ، لاپەڕە 13 ژمارە 11 2006/3/12

# دووبارە لە چاوەڕوانی بەربەریەتدا

بەختیار عەلی

ئەوەی پێنجشەممەی رابوردوو لەهەڵەبجە روویدا، شتێکی چاوەڕوانکراوبوو، دووبارەبوونەوەشی چاوەڕوانکراوە. ئەوەشی کە دەسەڵاتی کوردی بێ هیچ دوودڵییەک دەستی بچێتە خوێنی خەڵکی هەڵەبجەوە ئەوەش هەر چاوەڕوانکراوبوو. ئەو دیوارە گەورەیەی کەوتۆتە نێوان خەڵکو دەسەڵاتدارانی کوردەوە، لەوە گەورەترە لەمەولا بەقسەی خۆش، بەتەمسیلکردن پڕبکرێتەوە. حەقیقەتێک هەیە کە چیتر ناچارە بەناو خوێندا بڕوات. دەسەڵاتی کوردی تووشی قەیرانێکی ئەخلاقی ئەوتۆ هاتووە کە چیتر بەزەردەخەنە ناشاردرێتەوە. چیتر نە ئەوان زەردەخەنە دەگرنو نە خەڵکیش تەماشادەکەن. هەندێک شوێن هەیە لەمێژووی هەموو دەسەلاتێکدا، خاڵێکە گەڕانەوە تێیدا زەحمەتە. خاڵێکە دەکەوێتە نێوان "ستەمی لەسەرەخۆو هێمن" لەگەڵ "ستەمی خوێناوی".. هێندەی ئەو هەنگاوەت نا کە خەڵک بکوژیت، کە وات لێهات بێترسو دوودڵی چەقۆکەی دەستت بخەیتەکار، کە کار گەیشتە ئەوەی کۆمەڵێک پیاوکوژ بەناوی پاراستنی ئاسایشەوە بخەیتە سەر شەقامەکان... ئیتر لەوێوە هەموو یاساکان دەگۆڕێن. کوشتن هێندەی دەستی پێکرد، ئیدی بەئاسانی ناوەستێت. هەموو دیکتاتۆرەکانی دونیا سەرەتا بەقسەی خۆشو زەردەخەنەو پەیمانی ڕەنگاوڕەنگ دەست پێدەکەن، دواتر هەموو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەخەنەکار بۆ هێورکردنەوەو سەرقاڵکردنی خەڵک، کە چار نەما ئیدی خوێن تەنیا ڕێگای درێژکردنەوەی گەمەکەیە. ئێستا ئێمە بەئاشکرا گەیشتینە قۆناغی خوێن... گەیشتینە قۆناغی کوشتنی خەڵک لەسەر دەستی حکومەت. کە کاریش گەیشتە خوێن ئیتر پاشەکشێ زەحمەتە. لەگەڵ خوێنڕشتندا تەنیا دوو ڕێگا هەیە، یان ئەوەیە مرۆڤ دان بەهەڵە کوشندەو ترسناکەکەی خۆیدا بنێتو پەشیمانببێتەوەو باجەکەی بدات "کە باجێکی گەورەیە" یان ئەوەیە مرۆڤ بەردەوام دەبێت لەسەر کوشتنو بڕیاردەدات ببێتە خوێنڕێژێکی تر. لەم دوو ڕێگایە زیاتر هیچی تر نییە... بەلام هەموو نیشانەو ئاماژەکان بەرەو ڕێگای دووەممان دەبەن. لەماوەی رابوردوودا سیاسەتی کوردی لەدڕندەییو دەمداخستن زیاتر هیچی تری بەرهەمنەهێناوە، لەکێشەکەی دکتۆر کەمالەوە، بۆ لێدانی ئیسلامییەکان، لەسانسۆری ئیسلامییەکان بۆ کتێبەکەی هەڵەبجەیی تا کارەساتی پێنجشەممەی رابوردوو، لەدەمداخستنو بێدەنگکردنو سەرکوتکردن بەولاوە چ شتێکی تر لەئاسۆکاندا نییە. کۆمەڵگای ئێمە یان لەژێرەوە کەسانی دڕندەی وەک شێخ زانا بەرهەمدەهێنێت، یان لەسەرەوە ئەو قازیو دادوەرانە بەرهەمدەهێنێت کە لەسەر نوسینێکی بچکۆلە سی ساڵ مرۆڤێک حوکمدەن، لەسەر شەقامەکانیش ئەو پۆلیسو ئاسایشانەی ڕاگرتووە، کە فێرنەکراون تەقەکردن لەمرۆڤ چ کارێکی ئەستەمو سەختە.

لەهەڵەبجەدا قەیرانی ئەخلاقی سیاسەتی کوردی گەیشتە ترۆپکێکی نوێی دیکە. ئێستا ئاشکرایە ئەم سیاسەتەی یەکێتیو پارتی گرتیانەبەر لەبونبەستێکی ترسناکدایە، بونبەستێک پازدەساڵ تەماحی ناپەواو گوێنەدانو رووبەڕووبوونەوەی راستی پێکڕا دروستیانکردووە، پازدەساڵ گوێنەگرتن لەهاواری دۆستو دوژمن، لەهاواری دڵسۆزانەی خەڵک دەرەنجامەکەی ئەوەیە دواجار هیچ چارێکت بۆ نەمێنێتەوە ئەوەنەبێت کە دەمی خەڵک داخەیتو ببیت بەقەساب. لەئێستادا چیتر قسەی هیچو گفتوگۆی بێزەنتی لەسەر ریفۆرمو شێوازەکانی سوودێکی نییە، ئێستا ئەو ساتەیە کە هەردوو ئیدارەکەی هەرێم تێبگەن، کە هەڵەکانی ئەوان تا ئێستا برێکی زۆری کۆمەڵگای کوردی بەرەو کارەسات بردوە، لێرە بەرەودوا پزیسکی ئەو کارەساتانە دەگاتە هەموو خەرمانێک. رووداوەکانی هەڵەبجە ئەوەی ئاشکراکرد کە کێشەی هەرە گەورەی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە چیتر توانای دواندنی کۆمەڵگای نەماوە، جگە لەفیشەک وەڵامێکی تری نییە بۆ روخسارە دیموکراتیو مەدەنییەکانی ژیان، هەر پەیمانێک بدات کەس باوەڕی پێناکات، هەر پرۆژەیەک رابگەیێنێت هەمووان دەزانن چ گەمەو چ تۆڕێکی مافیایی لەپشتە. ئەم دوو هێزە لەماوەی پازدە ساڵدا بچوکترین کێشەی مرۆڤی کوردیان چارەنەکرد، بەڵام نوخبەیەکی ترسناکیان لەملیۆنێری ناشەرعی خوڵقاند، کە ئێستا پێویستیان بەوەیە بەسەر کەللەی خەڵکدا برۆن بۆئەوەی بیپارێزن. گەورەترین مەترسییەکیش ئەوانە تووشی دەبنەوە ئەوەیە پردی پەیوەندیان بەهەموو خەڵکو بەنەوە تازەکانیشەوە پچڕاوە... ئەوەشی پەیوەندی بەنەوەی نوێوە نەبێت هەموو پاشەڕۆژێ دۆڕاندوە. دوا هیوای من ئەوەیە کە ئەوانە نەکەونە ئەو هەڵە گەورەیەوە واتێبگەن میلیشیا چەکدارەکان دەتوانن بیانپارێزن. ئەو جۆرە هێزانە هیچ سیستمێکیان لەسەر ئەم ئەستێرەیە نەپاراستووە. تاکە تکایەک کە دەشێت دواتکابێت مرۆڤ لەو بەرپرسانەی بکات ئەویە گەر دەتوانن بخوێننەوەو دوا وانە لەمێژوو فێرببن، گرنگ نییە مێژووی دووربێت یان نزیک چونکە بەرابەر ئەم حاڵەتە، مێژوو هەمیشە یەک قسەدەکات. من نازانم ئەم عەقڵییەتە چەندە توانای وریابوونەوەو فێربوونی تێدایە، بەڵام دەزانم پەرچەکردارەکانی چەندە هیستیریین هێندەش کۆمێدین. من ئەوەندە دەپرسم: ئەمە چ جۆرە هەستو هوشیارێکە واتێبگەیت کە کامێرات شکاند، ئیتر هەواڵەکانت نایەنەدەرێو دونیا کردەوەکانت نابینێت. کێیە هەڵگری ئەم عەقڵییەتەی کە هێشتا بەمجۆرە بچوکو تەسکە لەدونیا دەڕوانێت؟ هێزێکی سیاسی تۆزێک جورئەتی دیموکراسی هەبێت، خۆی کامێراکانی خۆی دەنێرێت بۆ ناو خەڵک تا گوێی لەدەنگیان بێت؟ بۆیە دەبێت لێیان بپرسین: تاکەی ئێوە تەنیا گوێ لەوانە دەگرن کە راستی هەستو نەستی ئەم کۆمەڵگایەتان بۆ مەکیاجدەکەن، تاکەی ناتانەوێت دەموچاوە راستەقینەکەی خەڵک ببینن؟ تەقەکردن لەیادی هەڵەبجەدا، لەخەڵکی هەڵەبجە، وەک سەمبولێکی هەرەسی ئەخلاقی نەوە لەدوای نەوە لەیادەوەریماندا دەمێنێتەوە، ئەوە ئەو ساتەیە کە تیایدا سیاسەتێک دواهەمین بونبەستی خۆی دەژیو چیتر لەسیاسەتەوە وەک چالاکییەکی مەدەنی دەگوازێتەوە بۆ ناو سیاسەت وەک غەریزەیەکی پێشێلکردنو وێرانکردنو شکاندن. لەدوای هەڵەبجەوە دەبێت هەموو رۆژێک چاوەڕوانبین توندوتیژی ببێتەوە بەمیوانمان... چونکە ئەوانەی هەڵەبجەیان کوشتەوە، لێرەنو لەناوماندان.